# مكانة مدينة خانقين في ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ وتأثيرات الثورة على المدينة

أكو محمد محمود
ako.history@gmail.com
قسم التاريخ، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، العراق

أ.د.سوزان كريم مصطفى
قسم التاريخ، كلية التربية الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، العراق
Suzan.mustafa@univsul.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** خانقين، شورش، الضابط، عبد الكريم قاسم، العراق.

**كيفية اقتباس البحث**

محمود , أكو محمد , سوزان كريم مصطفى , مكانة مدينة خانقين في ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ وتأثيرات الثورة على المدينة,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

**The role of Khanaqin city in the July 14, 1958 revolution and the revolution's effects on the city**

**First author Ako Mohammed Mahmood**
Department of History, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Iraq
Email ako.history@gmail.com
**Co-Author(s) Prof. Dr. Suzan Karim Mustafa**
Department of History, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Iraq
Email Suzan.mustafa@univsul.edu.iq

***Keywords: Khanaqin, Revolution, Officer, Abdul Karim Qasim, Iraq.***

**Keywords** : Khanaqin, Shorsh, Officer, Abdulkarim Qasim, Iraq.

**How To Cite This Article**
Mahmood , Ako Mohammed , Suzan Karim Mustafa , The role of Khanaqin city in the July 14, 1958 revolution and the revolution's effects on the city ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**
This research is about Khanaqin's Position in the July 14th, 1958 Revolution as it's remarked as a significant historical event in the history of Iraq.
Khanaqein is one of the ancient cities of southern Kurdistan, as it has been a place for living and was located on the trade road of Khorasan, and the city was considered as an important city, in addition to that had a significant strategic position, that politically had influenced on the different historical stages of the city.

The recent election plays a significant role in the history of Iraq because the revolution was a basic changing in the whole political, economical, society system in Iraq, especially Khanaqin was close to Baghdad.
The research revealed that Khanaqin had a significant role in the revolution, because both brigades (١٩)and (٢٠)of the Iraqi military carried out the revolution in Jalawla and Mansouryia military bases that has a boarder with Khanaqin towards Baghdad, meanwhile, one of the freedom fighter officer was from Khanaqin, furthermore, the majority of the Mansouryia military base were from Khanaqin.
This research consists of an introduction and two topics, the introduction illuminates the name of Khanaqin and geographical positioning, the first topic talks about the rise of the revolution and the second one elaborates the influence of the revolution on the city.

**ملخص:**

تتناول هذه الدراسة مكانة مدينة خانقين في ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، التي تُعد حقبة تاريخية مهمة في تاريخ العراق.تُعتبر خانقين إحدى المدن العريقة في جنوب كردستان، التي كانت منذ القدم موطناً للحياة والعمران. وقد وقعت هذه المدينة تاريخيًا على طريق خراسان التجاري القديم، مما جعلها مدينة عامرة ومهمة. علاوة على ذلك، تمتعت بموقع استراتيجي بالغ الأهمية، كان له تأثير سياسي وعسكري على المدينة خلال مختلف المراحل التاريخية.
تم اختيار هذه الفترة الزمنية كونها تمثل مرحلة مهمة في تاريخ العراق، إذ أحدثت ثورة ١٤ تموز تغييراً جذرياً في مجمل النظام السياسي والاقتصادي والاجتماعي في جميع أنحاء العراق. وبشكل خاص، كانت مدينة خانقين خلال هذه الفترة بكونها مدينة عامرة تتمتع بموقع استراتيجي بالقرب من العاصمة بغداد، مما جعل تأثيرات الثورة فيها واضحة للغاية.
تُظهر الدراسة أن مدينة خانقين كان لها دور مهم في ثورة ١٤ تموز، حيث تحرك كل من اللواءين (١٩) و(٢٠) من الجيش العراقي اللذين قاما بتنفيذ الثورة من معسكري جلولاء والمنصورية المجاورين لمدينة خانقين باتجاه مدينة بغداد. وفي الوقت نفسه، كان أحد الضباط الأحرار في الجيش من سكان مدينة خانقين، كما أن جزءاً كبيراً من جنود معسكر المنصورية كانوا من سكان خانقين.
تتألف هذه الدراسة من تمهيد وفصلين، يتناول التمهيد التعريف للأسم مدينة خانقين وموقعها الجغرافي، ويتناول الفصل الأول إلى قيام ثورة ١٤ تموز ومكانة خانقين فيها، ويبحث الفصل الثاني في تأثيرات الثورة على المدينة.

**پێگەی شاری خانەقین لە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ و کاریگەرییەکانی شۆڕشەکە لەسەر شارەکە**

**ناوی توێژەری یەکەم ئاکۆ محەمەد مەحمود**
بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
ako.history@gmail.com
**ناوی توێژەرکانی تر پ.د سۆزان کەریم مستەفا**
بەشی مێژو، کۆلێجی پەروەردەی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
Suzan.mustafa@univsul.edu.iq

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بارەی پێگەی شاری خانەقینەوەیە لە شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨، کە بە سەردەمێکی مێژوویی گرنگ لە چوارچێوەی مێژووی عێراق دادەنرێت.

خانەقین یەکێکە لەشارە دێرینەکانی باشووری کوردستان، کە لەکۆنەوە جێگای ژیان وئاوەدانی بووە، ئەم شارە لە کۆندا کەوتبووە سەر ڕێگەی کۆنی بازرگانی خۆراسان، ئەمەش وایکردبوو کە ئەو شارە ببێتە شارێکی ئاوەدان و گرنگ، سەرەرای ئەوەش شوێنێکی ستراتیژی گرنگی هەبووە، کە لەرووی سیاسی وسەربازیەوە کاریگەری لەسەر شارەکە لە قۆناغە مێژوویە جیاجیاکاندا هەبووە.

هەڵبژاردنی ئەم قۆناغە لە مێژووی عێراقدا گرنگە، چونکە شۆڕشی ١٤ی تەمموز بووە هۆی گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لە کۆی سیستمی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی لە سەرانسەری عێراقدا، بەتایبەتی شاری خانەقین لەماوەیەدا شاڕیکی ئاوەدان ونزیکی بەغدادی پایتەخت بووە کاریگەریەکانی شۆڕشی تێدا زۆر دەرکەوتووە.

توێژینەوەکە دەریخستووە کە شاری خانەقین پێگەیەکی گرنگی لە شۆڕشی ١٤ی تەممووزدا هەبووە، چونکە هەردوو لیوای (١٩)و(٢٠) سوپای عێراق کە بە ئەنجامدانی شۆڕشەکە هەستان لە هەردوو سەربازگەی جەلەولا ومەنسوریە کە هاوسنووری شاری خانەقینن، بەرەو شاری بەغدا جوڵەیان پێکرا، هاوکات یەکێك لە ئەفسەرانی ئازادیخوازی نیو سوپا لە دانیشتووی شاری خانەقین بووە، هەروەها بەشیکی زۆری سەربازەکانی سەربازگەی مەنسوریە لە دانیشتوانی خانەقین بوون.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەك و دوو تەوەر پێك هاتووە. دەروازەکە بریتیە لە تیشك خستنە سەرناوی خانەقین  وپێگە جوگرافیەکەی، تەوەرەی یەکەم باس لەسەرهەڵدانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزوپێگەی شاری خانەقین لە شۆڕشەکەدا کراوە، تەوەرەی دووەم باس لە کارێگەریەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز لەسەر شاری خانەقین کراوە.


**وشە سەرەکییەکان:** *خانەقین، شۆڕش، ئەفسەر، عەبدولکەریم قاسم، عێراق.*

## پێشەکی

شاری خانەقین بەهۆی نزیکی لەشاری بەغداد وهاوسنووری لەگەڵ وڵاتی ئێراندا پێگەیەگی گرنگی سیاسی وسەربازی لە عێراقدا هەیە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە پێگەی شاری خانەقین ورۆڵی خانەقینیەکان لە شۆڕشی ١٤ی تەممووزدا وئەو گۆڕانکاریانەی لەدوای شۆڕش روودەدەن لەسەر شارەکە روون بکەینەوە.

گرنکی و هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بابەتەکە و نەبوونی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەم ماوە مێژووییە، هەرچەندە چەندین کتێب وتوێژینەوە لەسەر شاری خانەقین هەن، بەڵام بە شێوەیەکی ئەکادیمی نەنوسراون باسی ئەم قۆناغەی شاری خانەقینیان نەکردووە.  سەبارەت بەگرنگی بابەتەکەش لەوەدایە بەبەکارهێنانی چەندین سەرچاوەی گرنگ وچاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی بە ئەزموون و شارەزای مێژووی ناوچەکە بەشێوەیەکی ئەکادیمی ئەم قۆناغە مێژوویەی شاری خانەقین روون کراوەتەوە.

ئامانجی  ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە خوێندنەوەیەکی زانستی و ئەکادیمیانە بۆ پێگەی شاری خانەقین لە شۆڕشی ١٤ی تەمموز ئەنجام بدات، هەروەها خستنە رووی گرنگترین کاریگەریەکانی شۆڕشەکە لەسەر شارەکە دوور لەدەمارگیری ناوچەیی و نەتەوەیی روون بکاتەوە.

ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە: بریتین لە نەبوونی سەرچاوەی زانستی بەم ماوە مێژوویەی شاری خانەقین، هەروەها ئەو کەسانەشی بەشداری رووداوەکان وهاوسەردەمی قۆناغەکە

بوون، یاداشتی خۆیان نەنووسیوەتەوە کە وەکو سەرچاوەیەکی ڕەسەن سوودیان لێ وەربگیرێ.

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی (وەسفی) بەستووە، لە هەندێك باردا هەوڵمانداوە شیکاری بۆ هەندێك لە بابەتەکان بکەین.

پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە بەسەر دەروازەیەک و دوو تەوەری سەرەکی دابەشکراوە، لە دەروازەدا: بەشێوەیەکی وورد بە وەرگرتنی چەندین ڕاوبۆچوون باسمان لە بنەچەی ناوی خانەقین کردوە، هەروەها باس لە هەڵکەتەوەی جوگرافی وسنوور وورووبەر و ئاوهەوا و جوگرافیای ناوچەکە بە گشتی کردوە. لە تەوەرەی یەکەمدا باسمان لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز و پێگەی شاری خانەقین ورۆلی ئەفسەرانی خانەقینی لە شۆڕەشەکەدا کردووە، لە تەوەرەی دووەمدا باسمان لە گرنگترین گۆڕانکاریەکانی شۆڕشەکە و کاریگەریەکانی لەسەر شاری خانەقین کردووە.

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بەچەند سەرچاوەیەکی گرنگی عەرەبی وکوردی بەستووە کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان بکەین وەکو : ليث عبدالحسن الزبيدي، ثورة ١٤تموز١٩٥٨ فى العراق، د.فاضل الحسين، سقوط النظام الملكى في العراق، عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزرات العراقية،خليل اسماعيل محمد، قضاء خانقين، خضير العزاوي، هذا هو لواء ديالى، شهاب وهاب رستم، باوەگەزی(حقائق وخفاياعلى ضفاف الوند)، ئەحمەد باوەر، چەند لایەنێکی مێژووی ناوچەی گەرمیان وخانەقین لە سەردەمی نوێ دا سەرەڕای بەکارهێنانی ئەم سەرچاوانە وچەندین سەرچاوەی تر دیدارمان لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی هاوسەردەمی قۆناغەکە وەکو ئیبراهیم باجەلان، دارا عەبدوڵلا عەباس، عەزیز یاوەر عەزیز ئەنجامداوە.

**دەروازە: پێششینەیەکی مێژووی لەسەر ناو و پێگەی جوگرافی خانەقین**

**یەکەم: ڕەگ و ریشەی ناوی خانەقین**

خانەقین شارێکی دێرینی باشووری کوردستانە مێژوویەکی کۆنی هەیە، کە لەپێش زاینییەوە شوێنی ژیان و نیشتەجێ بوونی خەڵك و ئاوەدانی بووە، سەبارەت بە ناوی خانەقین وەکو هەموو ناوی شارەکانی تر لە نێوان مێژوونوساندا ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، بەپێی سەردەمە جیاوازەکان و گۆڕانکاریە ئابووری وکومەڵایەتی وسیاسیەکان ناوی خانەقین بە چەند شێوازێك هاتووە، دێرینترین ناوی خانەقین کە لە هەزارەی دووەمی پێش زایین لە ژێر دەسەڵاتی سیاسی بابلیەکاندا بووە، بە شێوەی (نەمر) ناوی هاتووە (دیاکۆنۆف، ٢٠٠٨، ل١٣٣؛ مامۆستاجەعفەر، ٢٠١٧،ل٩).

لە تۆمارە یۆنانیەکاندا بەناوی (خالونیتوتوس) ناوی هاتووە کە بەمانای (دیمەنێکی جوان) دێت، هەروەها لە ناوێکی تری یۆنانیدا بە (ئارتمیتۆس) ناوی هاتووە کە مانای هاوینە هەوار دەگەیەنێت(النقشبندی، ٢٠١٥، ص١٧) یەکێك لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکات کە لەسنوری گەرمیاندا شانشینێك هەبووە بەناوی (نیقیۆم) کە فەرمانڕەواکەی ناوی (کەرشوم) بووە، لە ژێر قەڵمرەوی نەرام سینی ئەکەدی (٢٢٥٤-٢٢١٨پ.ز)دا بووە، کە زۆر پێ دەچێت نیقیۆم ناوی دێرینی شاری خانەقین بووبێت (ئەحمەد، ٢٠٠٩، ل٧-٨).

لەسەردەمی سلوقیەکاندا(٣١٢-٦٤پ.ز) ، بە(ئەرتیمتا ) ناوی هاتووە، جیمس بێکنگهام Jammes Beckingham لە گەشتەکەیدا کە لە (٨ی ئەیلولی١٨١٦) سەردانی شاری خانەقینی کردووە، ئاماژە بەوە دەکات هەرقل(٦٢٧-٦٢٨ز) سەرکردەی سوپای بیزەنتی لە یادەوەریەکانیدا ئاماژە بە بوونی شارێك بەناوی ئەرتیمتا لەسەر ڕووبارێك کردووە، کە بەزمانی یۆنانی بە واتای (شوێنێکی بەپیت وبەسوود) دێت، بێکنگهام پێی وایە (ئەرتیمتا) هەرشوێنی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ /العدد ٣

شاری خانەقینی ئێستابووە، کە بە دڵنیاییەوە شوێنێکی بەپیت وبەسوودە (بکغنهام، ١٩٦٩، ص٢٠١٥-٢١٦).

لەلایەن مێژوونوس و جوگرافی ناسە عەرەبەکانەوە ڕاوبۆچوونی جیاواز لەسەر ناوی شاری خانەقین بەم شێوازەی ئێستا هەیە وچەندین لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ کردووە، بۆ یەکەمین جار لە لایەن (البلاذری٨٢٠-٨٩٢ز)، لە کتێبی (فتوح البلدان) لە باسی شەڕی جەلەولادا ناوی شارەکە بە خانەقین هاتووە (البلاذری، ١٩٠١، ص٢٧٣) ، ئەوانەی دوای ئەویش هەر بە خانەقین ناوی شارەکەیان هێناوە، بنچینەی ناوەکەیان بۆ زمانی عەرەبی گەڕاندوەتەوە، بە زۆریش بۆچوونیان وایە ناوی خانەقین لە خنکانەوە هاتووە، ئەمەش بەهۆی بوونی چەند ڕووداوێکی خنکان لەشارەکەدا (الحموي، ١٩٧٧،ص٣٤٠؛ اليعقوبي، ٢٠٠٤، ص٧٤؛ المقدسی،٢٠٠٣، ص٦٣؛ اليعقوبی، البلدان،٢٠٠٢، ص٧٤) ، (عبدالعزيزالبكری) بۆچوونی وایە ناوی خانەقین لە خنکانەوە هاتووە وبە (خانقون) ناوی هێناوە، چونکە شاعیری عەرەبی (عدی بن زيد العباد) (١) لەم شارەدا خنکاوە ودواتر بە ناوی خانەقین ناسراوە (البكری، د.س، ص٤٨٤-٤٨٥).

هەندێکیتر بۆچونیان وایە کاتێك سوپای موسڵمان لە ناوچەکە نزیك بوونەوتەوە، ئەو سەردەمە خانەقین گوند بووە، حەوت کەسیان بۆهێنانی زانیاری ناردووەتە نێوگوندەکە، بەڵام لە لایەن دانیشتوانەکەیەوە دەستگیر دەکرین ودەخرێنە ناو ڕووباری ئەڵوەنەوە ودەخنکێندرێن ، کاتێك سوپای موسڵمانان دەگەنە ناوچەکە تاوانباران دەستگیر دەکرێن ودەبرێن بۆ دادگاییکردن وپێیان وتراوە ئەوانە (خانقون) واتە (خنکێنەرەکانن)، ئیتر ئەم ناوەی بەسەردا براوە ولە ژێر کاریگەری گۆڕانکاریەکانی سەردەم ناوەکەی بووەتە خانەقین(العزاوی، ١٩٦٩، ص٨٦-٨٧) .

هەندێکیتر پێیان وایە ناوی خانەقین بە کۆشکی شازادە (جین قین) وتراوە، کە یەکێك لە کچە شازادەکانی (جەلائیریەکان) بووە، کۆشکەکەی لەکەناری ڕووباری ئەوڵوەن دروست کراوە، لە لایەن دانیشتوانەکەیەوە پێی وتراوە کۆشکی (خان جین) دواتر بووەتە خان قین پاشان هەردوو وشەکە بووەتە (خانەقین) بەم شێوازەی ئێستا(القره ولوسي، ٢٠١٩، ص١٥).

بۆچوونیکی تر هەیە ناوەکەی بۆزمانی کوردی گەڕاندوەتەوە، پێی وایە ناوەکە لە دوو بڕگە پێك هاتووە (خان) واتە خانوو، (قین) واتە تووڕە)، (خانووی تووڕە) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێکی مێژوویی، کە پاشای حیرە (نعمان بن المنذر)(٢) لە لایەن کیسرای دووەمی ساسانی (خسرەو پەرویز٥٩٠-٦٢٧ز)، لە خانەقین بەندکراوە، لەژێر کاریگەری زمانی کوردیدا بووەتە (خان قین)( بابان، ١٩٧٦، ص١٥٤).

شاری خانەقین ڕێگای کاروانچیەکان بووە وژمارەیەك خانی هەبووە (ریچ) لە گەشتەکەیدا بۆکوردستان لە ساڵی (١٨٢٠) سەردانی شارەکەی کردووە، ئاماژە بە بوونی خانی جوان لە شارەکەدا دەکات (ریچ، ٢٠١٢، ل٣٦٩)، بۆیە هەندێك پێیان وایە ناوەکە لە خانەوە هاتووە وبۆ زمانی کوردی دەگەڕێتەوە وخانەقین تێهەڵکێشە و لەدوو بڕگە پێك دێت (خان وگین) واتە خاندار لەبەرئەوەی لە زمانی عەرەبیدا پیتی(ج) لەبری پیتی(گ) بەکاردێت بووەتە(خانجین) ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی هەندێك لەعەرەبەکانی دەوروبەری شارەکە لەبری خانەقین دەڵێن خانجین (ڕۆژبەیانی، ١٩٨٨، ل٣٣١) .

هەندێکیتر بۆچونیان وایە ناوی خانەقین لە ناوی خانێکەوە هاتووە کە خاوەنەکەی ناوی (نەقی) بووە، لەبەر ئەوەی خانەقین لەسەر ڕێگەی کاروانە بازرگانیەکان وزیارەتکارانی شیعە بووە بۆ مەزارگەکانی عێراق، لەو سەردەمەدا خانەکان لە پێشبرکێدا بوون بۆ ئەوەی باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە بازرگانان و زیارەتکاران بکەن، لەم بوارەدا کەسێك بە ناوی(نەقی) لە هەمووخاوەن خانەکان زیاتر بەناوبانگ تر بوو، وا باو بووە خانەکان بە ناوی خاوەنەکانیانەوە دەناسران، خانەکەی بە ناوی (خان نەقی) ناسرابوو، دواتر هەردوو وشەکە

تێهەڵكێش كران بووەتە خانەقی دواتر بە پێی ڕۆژگار بووەتە خانەقین (بابان، ١٩٧٦، ص١٥٤؛ یاور، ٢٠٠٩، ص٧) . (ئیبراهیم باجەلان) پێی وایە نزیكترین بۆچوون ئەوەیە ناوی خانەقین لە خانەوە هاتووە، بە هۆی پێگە گرنگەكەی كەلە سەر ڕێگەی كۆنی بازرگانی خۆراسان و كاروانە بازرگانیەكان بووە و چەندین خانی تێدا بووە، لەمەشەوە ناوی خانەقینی لێ نراوە (باجەلان، ٢٠٢٤، چاوپێكەوتن).

لەپاش شیكردنەوەی ڕاوبۆچون ولێكدانەوەكان لە سەر ناوی خانەقین دەتوانین بڵێین كە ناوی خانەقین بەم شێوازەی ئێستا لە سەردەمی مێژوونوس وجوگرافیناسانی ئیسلامدا دەردەكەوێت، وبەچەند شێوازێك لێكدانەوەیان بۆ ناوەكە كردووە، وسەرچاوە نوێیەكانیش لە بەر پێگە جوگرافیەكەی كە ژمارەیەك خانی تێدا بووە ناوەكە بۆ خان دەگەڕێننەوە.

**دووەم/ پێگەی جوگرافی**

پێگەی جوگرافی شارەكان، بەتایبەت ئەوانەی لە سنوورەكاندا هەڵكەوتوون، فاكتەرێكی سەرەكین لە داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەكی هەر دەوڵەتێك. هەر شارێك بە پێی تایبەتمەندی جوگرافی خۆی، پێگەیەكی ستراتیژی تایبەتی هەیە كە كاریگەری لەسەر بەهای سیاسی و ئابووری ئەو شارە هەیە. ئەم تایبەتمەندییە جوگرافیانە دەبنە هۆی دروستكردنی جیاوازی لە نێوان شارەكان و كاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر پلانی ستراتیژی و گەشەپێدانی هەر وڵاتێک هەیە (القصاب،١٩٨٨، ص٢٩).

شوێن و پێگەی خانەقین دەكەوێتە باكووری ڕۆژهەڵاتی عێراق لە باكووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دیالە هەڵكەوتووە، لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لە گەڵ وڵاتی ئێران، بەو پێیەی دەكەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی كوردستانەوە پێگەیەكی گرنگی لە هەرێمی كوردستان هەیە (تاڵب ومحمدامین، ٢٠٢٢، ل١٨).

سنووری سروشتي لە باكوورەوە لە زنجیرە چیاكانی (بەمۆ) پێكدێت ودەبێتە سنوری جیاكەرەوەی لەگەڵ یەكە ئیداریەكانی پارێزگای هەڵەبجەدا، لەباشوورەوە لە بەرزایەكانی (حەمرین)(٣) پێكدێت، لە ڕۆژهەڵاتەوە زنجیرە چیاكانی (زاگرۆس) وڕووباری (سیروان) (٤) سنوری ڕۆژئاوایەتی كە لە شارەكانی كەلار وكفری جیای دەكاتەوە، ڕووبەری گشتی قەزای خانەقین بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٤٧) (٣٥٠٢)كم چوارگۆشەبووە، وڕووبەری شاری خانەقین(١٢٦٠)كم چوارگۆشە بووە (سوسە، ١٩٥٢، ص ١٩) بەڵام لەسەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)دا، (٣٧٨٩)كم٢ بووە، بەڵام ڕووبەری شاری خانەقین بووەتە(١٤٠٣)كم٢، ئەمەش دوای پێكهێنانی ناحیەی (جەلەولا) لە ساڵی(١٩٥٨)، بەشێك لە گوندەكانی پارێزگای كەركوك خرایە سەر ڕووبەری قەزای خانەقین (محمد،١٩٧٧، ص٨-٩).

قەزای خانەقین دەكەوێتە نێوان بازنەكانی پانی (٣٣° و ٥٦') و (٣٥° لە باكور و هێڵەكانی درێژی (٤٤° و ٥٨') و (٤٥° و ٥٦') لە ڕۆژهەڵات، واتە دەكەوێتە باشووری ناوچەی مامناوەندی باكوور (البیاتي،٢٠١٤، ص٢٠)، دەكەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاوی وهەرێمی ئاووهەوای نیمچە وشكەوە، بەرزترین تێكڕای پلەی گەرمی لە هاویندا لە مانگەكانی هاویندا لە ناوەندی شاری خانەقیندا دەگاتە(٤٤) پلەی سیلیزی، بەڵام لەناوچەكانی باكووری قەزاكەدا بەشێوەیەكی گشتی پلەی گەرمی مامناوەندیە، لە زساتیشدا نزیكەی (١٧) پلەی سەدیە، تێكڕایی باران بارین لەو ساڵانەی پڕ بارانە نزیكەی(٢٤٤,٧)ملم (مراد،٢٠١٥، ص٢٧؛ عەبدوڵڵا، ٢٠١٥، ل٣٨-٤٠).

قەزای خانەقین دەكەوێتە ناوچەیەكی نیمچە شاخاوی. بەهۆی سروشتی هەڵكەوتەی جوگرافی قەزاكە لە باكورەوە بۆ باشور، شێوەیەكی درێژكۆڵەی هەیە ، چەندین شاخ بە بەرزی جیاواز لەخۆ دەگرێت. گرنگترین ئەم شاخانە (بێشكان، شەواڵ دەڕە، سەرتەک)ن كە هەموویان بەشێكن لە زنجیرە چیاكانی بەمۆ. ئەم زنجیرە چیایانە وەک پشتێنەیەک لە باكور و باكوری

خۆرهەڵاتی قەزاکەدا درێژ دەبنەوە و دەگەنە سنووری نێودەوڵەتی نێوان عێراق و ئێران. لەم ناوچە شاخاویەدا، شاخی بەمۆ بە بەرزایی (١٨٢٨) مەتر بەرزترین لوتکەیە. لە ناوەڕاستی قەزاکەدا کۆمەڵێک شاخ و بەرزایی دیکە هەن کە بەرزییان لە(١٠٠٠) مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە تێپەڕ ناکات، گرنگترینیان بەرزاییەکانی مرواری لەباکووری رۆژئاوای شاری خانەقین و بریتین لە ئاخ داخ وجبەداخ لە قورەتوو (محمد،٢٠١٦، ل٢٥-٢٩).
سەرەڕای ناوچە شاخاوییەکان، بەشێکی بەرچاوی قەزاکە دەشتایی پان و بەرینە. گرنگترین ئەم دەشتانە بریتین لە دەشتی عەلیاوە لە باشووری ڕووباری ئەڵوەن(٥) و دەشتی سەعدیە لە ڕۆژئاوای شارەکە، هەروەها قەزاکە چەندین دۆڵی تێدایە، لەوانە دۆڵی عوسەج و دۆڵی کوردەرە لە جەلەولا(البياتي،٢٠١٤،ص ٢٧؛ محمد،٢٠١٦، ل٢٥-٣٠.). سەبارەت بە ڕووبارەکانی ناوچەی خانەقین چەند سەرچاوەیەکی ئاوی سەر زەوی هەیە، بریتین لە ڕووبارەکانی(ئەڵوەن،سیروان)، چەمەکانی (هەواسان ،قورەتوو )و کەناڵی ئاوی(باڵەجۆ) و دەریاچەی حەمرین (قيتولی، ٢٠٠٨، ص٢٣-٢٤؛ محمد١٩٧٧، ص٤٥).

**تەوەری یەکەم: سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨و پێگەی شاری خانەقین لە شۆڕشەکەدا**

سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ دەرئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی بوو. لەڕووی ناوخۆییەوە، عێراق لەڕووی سیاسی، ئابووری وکۆمەڵایەتیەوە لەبارودۆخێکی نالەباردا بوو، هەروەها هۆکارە دەرەکییەکانیش، چ لەئاستی عەرەبی ونێودەوڵەتی کاریگەریان لەسەر سەرهەڵدانی شۆڕشەکە هەبوو، لە ڕووی سیاسییەوە، عێراق لەژێر سیستمێکی پاشایەتیدا بوو کە چینی دەرەبەگ و بۆرژوا کۆنترۆڵیان کردبوو. ئەم ڕژێمە کە لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی بەریتانیادا بوو، ڕێگری لە بەشداری چینی جوتیار و کرێکار لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەکرد. هەروەها ببووە بەربەست لە بەردەم پێشکەوتن وگۆڕانکاریە سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتیەکان لە وڵاتدا (الزبيدي،١٩٨١، ص٩-٢١). هەروەها ئەنجومەنی نوێنەران بێ ڕۆڵ کرابوو، دەسەڵات خۆی کاندیدەکانی دیاری دەکرد بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتووبن (الخدوري، ١٩٦٨، ص١٤؛ فرمان،١٩٧٥، ص٤٣-١١٠). ئەم دۆخە کاریگەری نەرێنی لەسەر سەقامگیری سیاسی وڵات هەبوو، کە دواجار بووە هۆی نارەزایی بەشێکی زۆری دانیشتوان، پاشان سەرهەڵدانی چەندین پارتی ئۆپۆزسیۆنی دژ بە دەسەڵات (الزبيدي، ١٩٨١، ص٦٣-٧٠).

لەرووی ئابوورییەوە عێراق بەتەواوی پاشکۆی بەریتانیا بوو، ببوو بە بازاڕێك بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی بەریتانی وداگیرکەکانی ، هەروەها کەمینەیەك دەستیان بەسەرئابووری وڵاتدا گرتبوو، کە ڕێگربوون لە پێشکەوتنی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ و لایەنەکانی تری ئابووری وڵات، هەروەها گەندەڵی لە زۆربەی فەرمانگەکانی وڵاتدا بڵاوببووە(كبە،١٩٦٩،ص٣٣-٣٤).

لەرووی کۆمەڵایەتیەوە کۆمەڵگەی عێراقی دابەش ببوو بەسەر چینی دەرەبەگ وبۆرژواو وچینی زەحمەتکێشی جووتیار وکرێکار. لەرووی ئاینییەوە عێراق بەسەر چەند ئایین وئاینزایەکی جیاوازدا دابەش ببوو، کەمی پزیشك ونەخۆشخانە وبڵاوبوونەوەی نەخۆشی ونەخوێندەواری ودابەزینی ئاستی بژێوی دانیشتوانی زەحمەت کێش هۆکارێك بوو بۆ گەشەنەکردنی دانیشتوان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر نزم بوونەوەی ئاستی خوێندەواری دانیشتوان هەبوو، بۆ نمونە بە پێی سەرژمێری ساڵی١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی عێراق نزیکەی(٦٥٠٠٠٠٠)ملیۆن کەس بووە، لەو ژمارەیەدا نزیکەی (٤١٧٩٨٦٣)کەس نەخوێندەوار بووە کە دەیکردە سێ لەسەر چواری دانیشتوان(الزبيدى، ١٩٨١، ص٣٥-٣٨).

کاریگەری هۆکارە دەرەکیەکان، سەرهەڵدانی شۆڕشەکەی خیراتر کرد کە خۆی لە گەشەکردنی بزوتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی وکێشەی فەلەستین وشۆڕشی تەمموزی ١٩٥٢ی میسر و کودەتا سەربازیەکانی دوای ساڵانی(١٩٤٩) لە سوریا، هێرشی سێ قوڵی ١٩٥٦ی سەر میسر ودامەزراندنی کۆماری عەرەبی یەکگرتووی نێوان میسروسوریا لە(١ی شوباتی١٩٥٨)، یەکێتی عەرەبی هاشمی نێوان عێراق وئوردن لە ساڵی(١٩٥٨) بینیەوە، هۆکارە نێودەوڵەتیەکانیش بریتی بوون لە هاوپەیمانی بەغدای ساڵی(١٩٥٥)وجەنگی ساردو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی وڵاتانی جیهانی سێیەم ونزیك بوونەوەی وڵاتانی عەرەبی لە وڵاتانی سۆسیالیستی(الزبیدی، ١٩٨١ ، ص٣٧-٥١؛ الخدوري، ١٩٦٨، ص١٠).

سەرەنجام ئەم هۆکارانە وچەندین هۆکاری تر وای کرد کە ئەفسەرانی (بزوتنەوەی ئازادیخواز) بە ڕابەرایەتی (عەبدولکەریم قاسم١٩١٤-١٩٦٣) و(عەبدولسەلام عارف١٩٢١-١٩٦٦) بەرنامە ڕیژی بکەن بۆ گۆرینی ڕژیمی حوکمی پاشایەتی لە عێراقدا، سەبارەت بەشاری خانەقین وەکو پێشتر ئاماژەی پێ کراوە، بە هۆی ئەوەی شوێنیکی ستراتیژی وسەربازی گرنگ بووە، بەتایبەتی بارەگای لیوای (٢٠)ی سوپای عێراق، کە (عەبدولسەلام عارف) فەرماندەی فەوجی (سێ)ی لیواکە لە جەلەولا بووە، هەروەها بارەگای لیوای(١٩) بە فەرماندەی (عەبدولکەریم قاسم) لە سەربازگەی مەنسوریەی نزیك خانەقین بووە، وای کردبوو گەورە ئەفسەرانی سوپای عێراق هاتوچۆی شارەکە بکەن، لەوانەش (عەبدولکەریم قاسم، عەبدولسەلام عارف، ناظم تەبقجەلی، تاهیر یەحیا، محێدین عەبدولواحید، فوئادعارف)، بەشێکی زۆری سەربازانی سەربازگەی مەنسوریە لە دانیشتوانی خانەقین بوون، ئەم ئەفسەرانە پەیوەندیەکی باشیان لەگەڵ خەڵکی خانەقین هەبووە، بەتایبەتی (محەمەد ئەمین دەربەندفەقرەیی) (٦) کە پێش شۆڕش چەند جارێك لەگەڵ (عەبدولسەلام عارف ونازم تەبەقجەلی) لە ڕێگەی خانەقینەوە چوونەتە وڵاتی ئێران(صالح وکریم،٢٠٠٧ ، ص١٤٨-١٥١).

عەبدولکەریم قاسم چەندین جار سەردانی شاری خانەقینی کردووە، زۆر جار سەردانی کەسایەتیەکی دەوڵەمەندی شاری خانەقینی دەکرد بەناوی (شاکرخضر) کە خاوەنی کۆگای خواردەمەنی بووە(باجەڵان، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن) ، هەروەها لەیەکێك لە سەردانەکانیدا کە دوو ڕۆژ پێش شۆڕشەکە بووە ڕادیۆکەی بە مەبەستی چاك کردن هێناوە بۆلای وەستا(عەبدولقادری ڕادیۆچی)زۆر مەبەستی بووە لە هەمان ڕۆژدا بۆی چاك بکاتەوە (عەزیز، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عێراق بڕیاری ناردنی هێزەکانی لیوای بیست لە فیرقەی سێ لە جەلەولا بۆ ئوردندا بۆ پاڵپشتی دەوڵەتی یەکێتی هاشمی، پلانی (عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف) وابوو بە گەیشتنی هێزەکانی لیوای بیست بۆ ناو شاری بەغداد بەرنامەی شۆڕشەکە دەست پێ بکات (الزبيدي،١٩٨١ ، ص ١٨٢-١٩٠؛ الحسين،د.س، ص٧٩-٨٠؛ الجعفري،١٩٨٩، ص١٣٨-١٥٨).

بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی بەرنامەی شۆڕش لە بەرەبەیانی(١٤تەمموز) (عەبدولسەلام عارف) داوا لە عەقید روکن( یاسین مەحمەد ڕەئوف)ی فەرماندەی فەوجی دوو دەکات کە پەیوەندی بە ئەفسەرانی بزوتنەوەی ئازادیخوازەوە بکات، بەڵام ناوبراو بە توندی ڕەتی دەکاتەوە ورووبەڕوی دەبێتەوە، لەبەرئەوە فەرمانی دەستگیرکردنی دەردەکەن (غالب؛ ١٩٧١، ص١٠١؛ محەمەدئەمین، ٢٠٢٣، ل١٨٠١٨٥). بۆیە بەزەبری هێز دەستگیری دەکەن وچەکی دەکەن، پاشان لەگەڵ کۆمەڵێ سەربازی تردا دەیبەن بۆ (باب ئەلشرجی) لە بەغدا لە بەندیخانەی ژمارە(١) بەندی دەکەن، بەو شێوەیە دوای دەستگیرکردنی لە شوێنی فەرماندەی فەوج (موقەدەم عادل جەلال)(٧) یاریدەدەری فەرماندەی فەوج، فەرماندەی فەوجی دووی لیوای نۆزدەی دەگرێتە دەست، شایانی باسە ناوبراو ئەفسەرێکی کوردی خانەقینی بوو، وێرای ئەوەی

ئەفسەرێکی ئازادیخواز بوو، هاوکات سەر بە ڕێکخستنی مەنسوریە وپەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ (عەبدولکەریم قاسمدا) هەبووە (قەرەداغی،٢٠٠٦، ل٧٦-٧٧). لە لایەکی ترەوە (عەقید عادل جەلال) توانی پردی بەعقوبە و بەدالە ودەزگای بێ تەلی فەرماندەی فیرقە بگرێت، هەروەها توانی ڕێگەی نێوان بەغدادو بەعقوبە بگرێت ونەهێڵێت ئۆتۆمبیل بۆ بەغداد بڕوات (قەرەداغی،٢٠٠٦،ل٧٨)، دوای گەیشتنی هێزەکانی لیوای(٢٠) بە شاری بەغداد، فەوجی دوو بە فەرماندەی (عادل جەلال) توانی دەست بەسەر ناوچەی ( ئەعزەمیە) وکۆشکی (ڕیحاب)دا بگرێت ( غالب، ١٩٧١، ص١٠١؛ صبحی،١٩٨٣، ص٨٣).

دوای جێ بەجێ کردنی بەرنامەی شۆڕش لەکاتژمێر(٦)ی بەیانی (عەبدولسەلام عارف) یەکەمین بەیاننامەی شۆڕشی لە ڕادیۆی بەغدا خوێندەوە وسەرکەوتنی شۆڕشی ڕاگەیاند (الحسنی، ١٩٦٨، ص٣٢٦-٣٢٧؛ العارف،١٩٨٦، ص٧٣؛ حسین،د.س،ص٨٠).

بەم جۆرە خودی شارەکە و دانیشتوانی شاری خانەقین ڕۆڵیان لە هەڵگیرسان و سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزدا هەبووە، ئەمەش گرنگی پێگەو ڕۆڵی دانیشتوانی شاری خانەقین پشت ڕاست دەکاتەوە.

**تەوەری دووەم: کاریگەری شۆڕشی ١٤ی تەمموز لەسەر شاری خانەقین**

پاش سەرکەوتنی شۆڕش لەسەر ئاستی سیاسی وجەماوەری گەلی کورد پشتگیری خۆی بۆشۆڕشەکە ڕاگەیاندووە، لەسەرئاستی سیاسی (ئیبراهیم ئەحمەد١٩١٤-٢٠٠٠) وەکو سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کەرکوکەوە پاش کەمتر لە کاتژمێرێك لە ڕاگەیاندنی شۆڕش بروسکەی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرکردایەتی شۆڕش کرد وپشتگیری (پ.د.ك) وگەلی کوردیان بۆ دەربڕین وبە هیواوە لە عێراقی نوێیان ڕوانیوە، پاشان لە (١٦ی تەمموزی١٩٥٨) کۆمیتەی ناوەندی(پ.د.ك) کۆبوونەوەیەکیان لە شاری کەرکووك گرێدا ویەکەم بەیاننامەی (پ.د.ك)یان بەو بۆنەیەوە بڵاوکردەوە، کە تیایدا پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ شۆڕشی (١٤ی تەمموز) وداکۆکیکردن لە کۆماری عێراق دووپاتکردەوە(طالبانی،١٩٧٠،ص١٧٦-١٧٧).

لەسەر ئاستی جەماوەری، دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی سەرکەوتنی شۆڕش لە هەموو شارەکانی کوردستان، خەڵك بە ئاهەنگ و خۆشی پشتگیری شۆڕشیان دەربڕی. لە شاری خانەقینیش، لە یەکەم ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشەوە ئاهەنگ و ڕێپێوان ڕێکخرا، تاوەکو درەنگانێکی شەو دانیشتوانی شار لە ئاهەنگگێڕان بەردەوام بوون. ئەندام و کادیرانی حزبی شیوعی پێشەنگ و ڕێبەری خەڵکیان کرد و دروشمیان بە باڵای شۆڕشدا دەوتەوە(باجەلان،٢٠٢٤،چاوپێکەوتن)، لە سەرەتادا، سەرکردەکانی شۆڕش نەناسراو بوون، عەدنان شکرخورشید' کە خوێندکاری ئامادەیی پیشەسازی بوو لە بەغدا، وێنەیەکی 'جەمال عەبدولناسری هێناوە و بەرزی کردۆتەوە، خەڵك بە پەرۆشەوە خۆشییان دەربڕیووە، کەسێك بەناوی(ساڵەح مەهدی) دروشمی بۆ پشتگیری شۆڕشی(١٤ی تەمموز) دەوتەوە وجەماوەریش بەدوایدا دروشمەکەیان دەوتەوە(الوندی،٢٠١٣، ص٤٩). دوای چەند ڕۆژێك لە شاری بەغداوە وێنەی (عەبدولکەریم قاسم) گەیشتوەتە خانەقین لە لایەن خەڵکەوە وێنەکەی بەرزکراوەتەوە، تەنانەت شەوانە خەڵك چونەتە گۆڕەپانی لای پردی ئەڵوەن ویستویانە وێنەی (عەبدولکەریم قاسم) لە مانگدا ببینن(ڕستم،٢٠١٧، ص٢١٢)، (ساڵەح باجەلانی) وێنەگر ئاماژە بەوە دەکات"ئەوەندە خەڵك ڕژابووە سەر شەقام، فریای وێنەگرتن نەدەکەوتم"(برزۆ،٢٠١٦، ل١٠). ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی شاری خانەقین خۆشحاڵی خۆیان بە سەرکەوتنی شۆڕشەکە دەربڕیوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان چەندین شاند لە شارەکان ڕێکدەخات بە مەبەستی سەردانی کردنی شاری بەغداد بۆ پیرۆزبایی کردن لە سەرکردایەتی شۆڕش، ڕێکخستنەکانی پارتی لە شاری خانەقین شاندێك لە کەسایەتیەکانی خانەقین ڕێکدەخەن ویاوەری شاندی کوردی دەبن بۆ شاری بەغداد، لە(٢٧ی تەمموزی ١٩٥٨) بۆ بینینی'عەبدولکەریم قاسم سەردانی وەزارەتی بەرگری دەکەن(نەریمان،١٩٩٤،ل١٥٢) کە لەوێدا 'ئیبراهیم ئەحمەد'وتاریك بۆ شاندی شارەکان دەخوێنێتەوە(طالبانی،١٩٧٠، ص١٧٧-١٨١)، هاوکات نوێنەری شاندی خانەقینش وتارێکی خوێندوەتەوەو تێیدا پشتگیری خۆی وشاری خانەقینی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش دەربڕیوە، عەبدولکەریم قاسمیش خۆشحاڵی خۆی بە بینینی شاندی شارەکان دەربڕیوە وئەویش وتاریکی بۆ خوێندونەتەوە(شبر،٢٠٠٧،ص٢٧).

لە دەرەئەنجامەکانی شۆڕش حکومەتی نوێی عێراق چەندین بڕیاری نوێی لە بەرژەوەندی گەلی عێراق دەرکرد و بەشێکی زۆری بڕیارەکانی سەردەمی پاشایەتی هەڵوەشاندەوە. لەو بڕیارە گرنگانە، لە (٣٠ی ئەیلولی ١٩٥٨) یاسای (چاکسازی کشتوکاڵی)ی دەرکرد(مار،٢٠٠٩، ص٤٣). کە بووە هۆی دڵخۆشی جوتیارانی عێراق و نارەزایەتی دەرەبەگ و ئاغاکان لە سەرتاسەری عێراقدا، ئەو دەرەبەگ و ئاغایانەی کە خاوەنی چەندین گوند و زەوی کشتوکاڵی بوون و دانیشتووی شاری خانەقین بوون، دژایەتی خۆیان بۆ یاساکە دەربڕی. هاوکات، بەشێک لە دوکاندار و خاوەن کۆگاکانی خواردەمەنیش دژی یاساکە بوون، چونکە ئەمان ساڵانە خواردن و پێداویستی ڕۆژانەیان بە ئاغاکان دەدا و لە کاتی درووێنەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵیدا پارەکانیان وەردەگرتەوە. پێیان وابوو کە ئەو بەرژەوەندییەی جارانیان نامێنێت(باجەلان،٢٠٢٤،چاوپێکەوتن).

هەرلە چوارچێوەی دەرەئەنجامەکانی شۆڕش عەبدولکەریم قاسم ڕەزامەندی لەسەر گەڕانەوەی مستەفا بارزانی وهاوەڵەکانیدا لە یەکێتی سۆڤییەتەوە بگەڕێنەوە بۆ عێراق، لە (١٩٥٨/١٠/٦) بارزانی گەیشتە شاری بەغداد(بارزانی،٢٠٢٠، ل٤٩-٥١)، لە ڕۆژانی دواتردا شاندی شارەکان بەمەبەستی بەخێرهاتنەوەی بارزانی سەردانی شاری بەغدایان کرد ولە ڕۆژی(٢٧ی تشرینی یەکەمی١٩٥٨) شاندی خانەقین بە بەشداری (حبیب نەوروز، مەلا یەحیا مەلا عارف، محەمەد بەرید، دارا فیتەر، م.عەزیز پشتیوان، ئەحمەد کەلاری، ئەکبەر حەیدەر، مەلا عەزیز شاوازی، مەلا شەریفی ڕەشید زەنگەنە) وچەندین کەسایەتی تری شار سەردانی شاری بەغدایان کردووە بۆ بەخێرهاتنەوەی بارزانی(باوەر،٢٠٢٤، ل٥٦-٥٧؛عەباس، چاوپێکەوتن،٢٠٢٤).

شۆڕشی(١٤ی تەمموز) کۆمەڵێك گۆڕانکاری ئابوری وکۆمەڵایەتی وسیاسی بەدوای خۆیدا هێنا کە کاریگەری لەسەر هەموو عێراق هەبوو، لە شاری خانەقین لە ئەنجامی ئەو ئازادیە سیاسیەی لە دوای شۆڕش هاتە ئاراوە، گروپی (ڕۆژباش) بەسەرکردایەتی (عەزیز پشتیوان) (٨) دەستی بەچالاکیەکانی کردەوە، کاری ئەم گروپە زیاتر گرنگی دان بووە بە بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی و جەختیان لەسەر ئەوە کردوەتەوە، لە بری وشەی(صباح الخیر)ی زمانی عەرەبی وشەی (ڕۆژباش) بەکاربهێنن، کاریان کردووە بۆ ئەوەی دانیشتوانی خانەقین زیاتر گرنگی بەزاراوەی کوردی لە بری زارەوە عەرەبیەکان بدەن، هەروەها هەر بەسەرپەرشتی (عەزیز پشتیوان) وچەند مامۆستایەکی تری شارەکە خولێکی ڕۆشنبیری بۆ زیاتر ئاشنابوون بە زمان وئەدەبی کوردی کراوەتەوە (باجەلان،٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، هاوکات لە دوای شۆڕش یەکێك لەو دیاردانەی لەناو شاری خانەقین دەرکەوت ناونانی ناوی کوردی بووە لە منداڵان لە بری ناوی عەرەبی(عەزیز، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانیش داوای لە خاوەن پیشەکان ودوکان دارەکانی ناو بازار کردوە، کە ناونیشانی تابلۆکانیان بە زمانی کوردی بنوسن، چونکە پێشتر بە هۆی زاڵبوونی کلتووری عەرەب بەزمانی عەرەبی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ناونیشانی تابلۆکان دەنوسرا، بەشێکی دوکاندارەکان بەدەم داواکاریەکەوە چوون(کلاری، ٢٠٢٠، ل١٣٠).

لە نەورۆزی ساڵی(١٩٥٩) بۆ یەکەم جار لە شاری خانەقین بە شێوەیەکی فەرمی یادی نەورۆز کراوەتەوە، هەرچەندە لە سەردەمی پاشایەتی بەناوی (عیدالشجرە) ئەم یادە لەسەر ئاستی کەسی دەکرایەوە، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاریەکانی دوای شۆڕش و ئەو ئازادیەی دروست بوو، ئەم یادە بە شێوەیەکی فراوان کرایەوە (باجەڵان،٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی (یەکێتی ئافرەتان، یەکێتی قوتابیان، یەکێتی لاوان)، ئامادەکارییەکی فراوانی بۆ کرد وتوانیان ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کۆبکەنەوە، هاوکات پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوکاری مام جەلال توانی ژمارەیەك خوێندکاری کوردی شاری بەغدا بانگهێشتی یادەکە بکەن، مام جەلال لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی تردا بەشداری یادەکەی کردوە، وتارێکی نەتەوەیی بۆ بەشداربوان خوێندووەتەوە، هەروەها سەندیکای جوتیارانی شیوعی بە سەرپەرشتی(مەلا عەبدولا) بە ژمارەیەك ئەندامانی جوتیار بەشداری ئەم یادە بوون (کلاری، ٢٠٢٠، ل١٢١-١٢٢؛ صالح وکریم،٢٠٠٧، ص٢٠٣-٢٠٤).

لە ساڵی (١٩٥٩)دا 'جەمال عەبدولناسر' داوای لە 'عەبدولکەریم قاسم' کرد کە عێراق بێتە ناو کۆماری یەکگرتووی سوریا و میسرەوە. کاتێك 'عەبدولکەریم قاسم' ئەم داواکاریەی ڕەتکردەوە، 'جەمال عەبدولناسر' دەستی کرد بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق. ڕاگەیاندنی میسری بەردەوام هێرشی دەکردە سەر عەبدولکەریم قاسم. لە کاردانەوەیەکی نەتەوەییدا، دانیشتوانی شاری خانەقین پەیکەرێکیان لە کیسە و پەڕۆ بۆ 'جەمال عەبدولناسر' دروست کرد. وەك سوکایەتیەك بە ناسر، ئەم پەیکەرەیان بە عەرەبانە بەناو شاردا گێڕا و دروشمیان بەسەریدا دەوتەوە(باجەڵان،٢٠٢٤، چاوپێکەوتن؛ رستم، ٢٠١٧، ص١٤٥).

لە یادی شۆڕشی (١٤ی تەمموز) لە ساڵی(١٩٥٩)دا لە شاری خانەقین، یادەکە بە شێوەیەکی فراوان و بەشکۆ لەلایەن دانیشتوانی شاری خانەقینەوە بەڕێوەچوو، چەندین لایەن و گروپی جیاواز بەشداری چالاکانەیان تێدا کرد. حزبی شیوعی عێراق لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانییەوە بەشدار بوو، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە هەمان شێوە لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانییەوە بەشداری کارای هەبوو. ئاهەنگەکە توانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارەکە کۆبکاتەوە و تا درەنگانی شەو بەردەوام بوو. خەڵک بە شادی و خۆشییەوە بەشدارییان کردوە ودروشمیان وتووەتەوە و یادی شۆڕشیان بەرز ڕاگرتووە، ساڵانە ئەم یادە لە شاری خانەقین دەکرایەوە، بەڵام تێکچوونی پەیوەندیەکانی کورد وعەبدولکەریم قاسم وهەڵگیرسانی شۆڕش ئەیلول لە ساڵی(١٩٦١) کۆتایی بە ساڵیادی شۆڕش لە شارەکەدا هێنا (رستم، ٢٠١٧، ص١٧٩-١٨٠).

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دوای سەرکەوتنی شۆڕشی(١٤ی تەمموز) ناکۆکی وململانێ لەسەر کێشە سنوریەکانی نێوان عێراق وئێران سەری هەڵدا، دەوڵەتی ئێران هەوڵیدا کێشە بۆ کۆماری نوێی عێراق دروست بکات. ئەویش بە جوڵاندنی هەندی کێشەی چارەسەرنەکراوی سەردەمی پاشایەتی، لەوانە کێشەی رووبارە سنوریەکانی نێوانیان بۆ بەدەستهێنانی هەندێک دەستکەوتی سیاسی، حکومەتی ئێران دەستی کرد بەکارکردن لە دروستکردنی بەنداوی سەر رووباری ئەڵوەن، حکومەتی عێراقیش لە(٢٠تشرینی یەکەمی١٩٥٨) لە ڕێگەی یاداشتێکەوە نارەزایی ئاراستەی باڵوێزخانەی ئێران لە شاری بەغدا کرد، داوای دەست بەجێ ڕاگرتنی پرۆژەکەی کرد، بەڵام حکومەتی ئێران سووربوو لەسەر کارکردن لە پرۆژەکەدا. لە ئەنجامی کارکردن لە پرۆژەکەدا بووە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی ئاوی رووباری ئەڵوەن وکەمبوونەوەی رووبەری زەوی کشتوکاڵی لە شاری خانەقین ودەوروبەری، بۆیە حکومەتی عیراق دەستی کرد بە دروستکردنی کەناڵێکی ئاوی بەناوی (باڵەجۆ) بە درێژی(٤١)کم لە دیوی چەپی رووباری

سیروانەوەو ئاوی گەیاندە رووباری ئەڵوەن، کەناڵەکەش لە(٧ی ئابی ١٩٦٠) کرایەوە(علو، ٢٠٠٦، ص١٢٢-١٢٣؛ محەمەد،٢٠١٢، ل١١٧).

**ئەنجام**

١- شاری خانەقین شارێکی ئاوەدان وگرنك بووە هەرلەکۆنەوە پێگەیەکی گرنگ وستراتیژی هەبووە، لە رووی سیاسی و سەربازییەوە، خانەقین هەمیشە ناوچەیەکی گرنگ بووە. شوێنی جوگرافیایی و دۆخی هەرێمایەتی ئەم شارە وایکردووە کە کاریگەری ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکان لە سەردەمە مێژووییە جیاجیاکاندا بەسەریدا هاتبێت و بەردەوام بە ناوچەیەکی گرنگ دابنرێت.

٢_ لە شۆڕشی ١٤ی تەمموز سوپای عێراق لە سەربازگەکانی خانەقینەوە بەرەو شاری بەغدا جوڵەی کردووە، هاوکات یەکێك لە ئەفسەرانی ئادزادیخواز بەناوی (عادل جەلال) دانیشتووی شاری خانەقین بووە ورۆڵی گەورەی لە سەرکەوتنی بەرنامەی شۆڕش وکردە سەربازیەکاندا هەبووە، هەروەها زۆرینەی دانیشتوانی شاری خانەقین پاڵپشتیان بۆ شۆڕش دەربڕیوە.

٣_ سەرکەوتنی شۆڕش بووەتەهۆی گۆڕینی سیستمی دەسەڵات لە پاشایاتیەوە بۆکۆماری، بەمەش دانیشتووانی شاری خانەقین خۆشەویستیەکی زۆریان بۆ عەبدولکەریم قاسم دەربڕیوە، هاوکات پشتگیریەکی گەورەی شۆڕشەکەیان کردووە.

٤_ پێگەی شاری خانەقین وەکو شارێکی سنووری لەگەڵ وڵاتی ئێراندا کاریگەری ململانییە نیودەوڵەتیەکان وسەر هەڵدانەوەی کێشەی ئاوی نێوان عێراق وئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕش کاریگەری نەرێنییان لەسەر شارەکە هەبووە، بەشێوەیەك بووەتە هۆی زیان گەیاندن بە کەرتی کشتوکاڵی ناوچەکە.

٥_ سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموز بووەتە گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی کوردی لەشارەکەدا، بەشێوەیەك زمانی کوردی و ناوی کوردی و یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز برەوی زیاتری پێدراوە. بوونی چەند کەسایەتییەک لەوانە کەسایەتی مامۆستا عەزیز پشتیوان لەشاری خانەقین کە ناوبانگی لە کوردستان وعێراقدا هەبووە، رۆڵی گرنگی لە بزواندنی هەستی کوردایەتی وگرنگی دان بە زمانی کوردی لەشارەکە هەبووە.

٦_ گرنگترین گۆڕانکاریەکانی دوای شۆڕش بریتی بوو لە گەشەی کردنی ژیانی پارتایەتی لە سەرتاسەری عێراقدا، لەم بوارەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو پارتێکی جەماوەری لەشارەکەدا دەرکەوت ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی خانەقین بوونەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان.

**پەراوێزەکان**

١- (عدي بن زيد العباد) يەكێك بووە لە شاعیرە ناسراوەكانی عەرەب لە سەردەمی جاهیلی لە خێزانێكی بەناوبانگی حیرە بووە ، لە پەیرەوانی ئایینی مەسیحی بووە، پایە وناوبانگی گەورەی لای ساسانیەكان هەبووە، لە لایەن (نعمان بن المنذر) میری حیرەوە لەساڵی ٥٨٧ز خنێكنراوە. بڕوانە: (یاسین، ٢٠١٣، ل٣٢).

٢- میری میرنشینی حیرەی عەرەبی ولە پەیڕەوانی ئایینی مەسیحی بووە لە خوارووی عێراقدا ولەژێر قەڵەم ڕەوی ساسانیەكاندا بووە، پەیوەندی لەگەڵ خوسرەو پەرویز باش نەبووە، چونكە لەكاتی ململانێی لەگەڵ دوژمنەكانی پاڵپشتی نەكردووە هاوكات ڕازیش نەبووە كچەكەی خۆی لە كیسرا مارەبكات، بۆیە لە ماوەی ساڵانی (٥٩٠-٦٠٤) بەندی كردووە پاشان كوشتوویەتی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: كریستنسن،(د.س)، ص٤٣٥).

٣- بەرزایەكانی حەمرین كۆمەڵە تەپۆلكەیەكی وشكە، لە نزیك مەندەلی لەسنوری عێراق-ئێرانەوە بەرە و باكوری خۆرئاوا درێژدەبێتەوە تاوەكو دەگاتە مەنسوریە وبەدرێژایی كەناری دەریاچەی حەمرین بەرەو ناوچەی فەتحە لەسەر رووباری دیجلە، لەبەشی ڕۆژئاوای دیجلە بە مەكحول دەناسرێت، ناوی حەمرین دەگەڕێتەوە بۆ سووری خاكەكەی كە لە(احمر)ەوە وەرگیراوە، بەسنوری باشوری كوردستان دادەنرێت. بڕوانە: (محەمەد، ٢٠٠٩، ل٥-١٤).

٤- رووباری سیروان سەرچاوەكەی لەزنجیرە چیاكانی زاگرۆس لە باكوری رۆژئاوەی كوردستانی ئێرانە، درێژیەكەی (٣٨٤)كم، لە گوندی لاوەران لە باشوری ڕۆژ هەڵاتی پارێزگای سلێمانیەوە دێتە ناوخاكی عێراقەوە، چەندین چەم وجۆگەڵەی تێكەڵ دەبێت، لە تەنگەبەری چیای بەرانان بەنداوی دەربەندیخانی لەسەر دروستكراوە، دواتر رووبارەكە بەرەو باشوور دەروات، بە ڕۆژئاوای شاری خانەقیندا درێژبووەتەوە لە (مەنسوریە ئەلجەبەل) بەنداوی حەمرینی لەسەر دروستكراوە دوای تێپەربوونی بە بەرزاییەكانی حەمرین لە باشوری بەغدادەوە درژێتە روباری دیجلەوە. بڕوانە: الخصباك،شاكر،١٩٧٣، العراق الشمالی،بغداد، مطبعة شفیق٥٠١-١٠٨؛ طالب،د.جزا توفیق، ٢٠٥، المقومات الجیبولتیكیة للأمن القومی فی أقلیم كردستان العراق، السلیمانی، مركزكردستان للدراسات ألاستراتیجیة،ص١٥٦-١٥٧؛ مەجید، شێروان ئەحمەد،٢٠١٥، شیكردنەوەی كاریگەری بەنداوی دەربەندیخان لەسەر سیستمی ئاوی رووباری سیروان لە هەرێمی كوردستانی عێراق، زانكۆی گەرمیان، ل٧٧-٨٥.

٥- ئەم رووبارە سەرچاوەكەی لە چیاكانی (كەرەند)ە لە كوردستانی ڕۆژهەڵات، لە دووری هەشت كیلۆمەتر لە باشوری ڕۆژ هەڵاتی شاری خانەقینەوە دێتە ناوی خاكی عێراقەوە پاش برینی (٥٠)كیلۆمەتر بە دەشتە بە پێتەكاندا دەڕوات لە باكووری جەلەولادا دەرژێتە رووباری سیروانەوە.بڕوانە: (قیتولی، ٢٠٠٨، ص٤٤).

٦- محەمەد ئەمین كوڕی محەمەد ئاغا دەربەند فەقرەیی، لە ساڵی(١٩٢٣) لە گوندی (قوڵە سوتاو)ی سەر بەناحیەی شێروانەی سەر بە قەزای كفری لە دایك بووە، پاشان خێزانەكەی چوونەتە ناوچەی بنكورەی سەر بە خانەقین، خوێندنی سەرەتایی لە شاری خانەقین، ودواناوەندی لە شاری سلێمانی تەواوكردووە، پاشان كۆلێژی سەربازی لە ساڵی(١٩٤٢) تەواو كردووە، دەستی بەكاری سیاسی كردووە، لەسەردەمی پاشایەتی بە هۆی نارەزایی دژی سیاسەتی پاشایەتی دەستگیركراوە ولە كاری سەربازی دوور خراوەتەوە، پاشان ساڵی(١٩٥٩) گەڕاوەتەوە خزمەتی سەربازی، ساڵی(١٩٧٢) بە پلەی عەقید خانەنشین كراوە، لە شاری بەغداد نیشتەجێ بووە، لە ساڵی(٢٠٠٣) كۆچی دوایی كردووە ولە خانەقین نێژراوە. بڕوانە: (صالح وكریم، ٢٠٠٧، ل١٦-١٧-٢٣٧).

٧- عادل جەلال ئیسماعیل عومەرئاغا لە تیرەی گورك كوژە لە عەشیرەتی جاف، لە ساڵی(١٩١٨) لە شاری خانەقین لە دایك بووە، خویندنی سەرەتایی لە خانەقین، ودواناوەندی لە موسڵ تەواو كردووە، پاشان ساڵی(١٩٣٨) كولێژی سەربازی لە بەغدا تەواوكردووە، لە


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

ساڵی(١٩٤٨) بەشداری لە شەری فەلەستیندا کردووە، پەیوەندی هاوڕییەتی نزیکی لەگەڵ عبدالکریم قاسمدا هەبووە، دواپلەی سەربازی گەیشتوەتە پلەی عەمیدروکن، چەندین پۆستی گرنگی کارگێری وەرگرتووە، دوای شۆڕشی(١٤ی تەمموز) بووەتە قایمقامی زاخۆ، پاشان پۆستی پارێزگای سلێمانی ودیالەی وەرگرتووە، ساڵی(١٩٦١) بووەتە وەزیری کشتوکاڵ، دوای کودەتای (٨ی شوباتی١٩٦٣) دەستگیرکراوە ودەست بەسەر ماڵ وموڵکی گواستراوە ونەگواستراوەیدا گیراوە، دووجار مەدالیای ڕێزلێنانی پێدراوە، لە ساڵی١٩٨٠ لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (شریف،، ٢٠١٧، ص٨١-٨٢).
٨- عەبدول عەزیز نوری محەمەد یارەویس ناسراوە بە عەزیز پشتیوان، ساڵی(١٩١٢) لە گوندی(پیران)ی سەر بە خانەقین لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی وخانەی مامۆستایانی لە شاری بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵی(١٩٣٢) بووەتە مامۆستا، بەهۆی بیروڕا سیاسیەکانیەوە دووچاری زیندانی ودوورخستنەوە لە کارەکەی بووەتەوە، یەکێك بووە لە ئەندامە کاراکانی پارتی هیوا لە خانەقین، لە ساڵی(١٩٦٧-١٩٦٩) بەرپرسی لقی (٥) پارتی بووە لە بەغدا، پاشان زیندانی کراوە، دوای ڕێکەوتنامەی (١١ی ئاداری ١٩٧٠) ئازاد کراوە، لە ساڵی (١٩٧٦) وازی لە کاری حزبی هێناوە لە شاری هەولێر نیشتە جێبووە، ساڵی(٢٠٠١) کۆچی دوایی کردوە ولە خانەقین نێژراوە. نەریمان،١٩٩٤، ل٨-٩؛ پشتیوان، ٢٠٠٤ص٧).

## لیستی سەرچاوەکان


بیرەوەری(یاداشت)
یەکەم: بەزمانی کوردی
١- کلاری، حسین،٢٠٢٠، ئامێتە، ب١، ، چاپخانەی ئاسیا، سلێمانی
٢- کلاری، حسین، ٢٠٢٠، ئامێتە، ب٢، چاپخانەی ئاسیا، سلێمانی.
دووەم: بەزمانی عەرەبی
٣- صالح وکریم، صدیق، حسین محمد، (٢٠٠٧)، مذکرات محمد ئەمین دربندفقریی، مطبعة شڤان، سلێمانیة.

کتێب
یەکەم: بەزمانی کوردی
٤- ئی.م.دیاکۆنوف، ٢٠٠٨، میدیا، چ٣، و.بورهان قانع، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری
٥- بارزانی، مەسعود، ٢٠٢٠ ، بارزانی وبزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد، ب٢، (١٩٥٨-١٩٦١)، ، دەزگای بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٦- باوەڕ، ئەحمەد، ٢٠٢٤، چەند لایەنێکی مێژووی ناوچەی گەرمیان وخانەقین لە سەردەمی نوێ دا، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.
٧- ریچ، کلودیوس جیمس،٢٠١٢، گەشتنامەی ریچ بۆکوردستان١٨٢٠،چ٤، و.محەمەدحەمەباقی، چاپخانەی خانی، دهوك.
٨- قەرەداغی، خالد شێخ عبدالرحمن،٢٠٠٦، رەئیس مصطفی عبدالله لە شۆرشی ١٤تەمموزی١٩٥٨دا، ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٩- نەریمان، مستەفا، ١٩٩٤، بیرەوەریەکانی ژیانم، ، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.
١٠- (مامۆستاجەغفەر)، فازیل کەریم ئەحمەد،٢٠١٧، مێژووی خانەقی، چاپخانەی تاران، (ب.ش).

١١- محەمەد، د.خەلیل ئیسماعیل،(٢٠١٢)، دۆزی کورد لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، سلێمانی.
١٢- یاسین، هەمزە کاکە، ٢٠١٣، حلوان لەسەردەمی خەلافەتی عەبباسی تا ڕوخانی میرنشینی عەنازی(١٣٢-٥١١ك/٧٥٠-١١١٧ز)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

بەزمانی عەرەبی
١٣- البكري، د.س، معجم ما أستعجم من اسماء البلادو المواضيع، ج١، حققه وضبطه. مصطفى السقا،بيروت، عالم الكتب، ص٤٨٤-٤٨٥.
١٤- البلاذري، احمد بن يحى بن جابر البغدادى،١٩٠١، فتوح البلدان، القاهره، مطبعة الموسوعات، ص٢٧٣.
١٥- الجعفري، محمد حمدي، ١٩٨٩، نهاية قصر الرحاب(تفاصيل ماحدث ليلة١٤تموز١٩٥٨وصبيحتها).
١٦- الحسني، عبدالرزاق، ١٩٦٨،تاريخ الوزرات العراقيه،ج١٠، ط٧، دارالشؤن الثقافة العامة.
١٧- الحسين، د.فاضل،(د.س)، سقوط النظام الملكى في العراق، بغداد، منشورات مكتبة افاق العربيه،
١٨- الحموى، ياقوت،١٩٧٧، معجم البلدان، ، دار الصادر، بيروت.
١٩- الخصباك،شاكر،١٩٧٣، العراق الشمالى، ، مطبعة شفيق، بغداد.
٢٠- الخدوري، د،مجيد، ١٩٦٨، العراق الجمهوري، ايران، مطبعة امير-قم.
٢١- الزبيدي، ليث عبدالحسن، ١٩٨١، ثورة ١٤تموز١٩٥٨ فى العراق،ط٢، منشورات مكتبة اليقظة العربية، بغداد.
٢٢- العزاوي، خضير، ١٩٦٩، هذا هو لواء ديالى، دار الجمهورية، بغداد.
٢٣- القصاب، د.نافع ناصرو أخرون، ١٩٩٨،الجغرافيه السياسيه، الموصل، دارالكتب للطباعه والنشر
٢٤- المقدسى،٢٠٠٣، أحسن التقاسيم فى معرفة ألاقاليم، علق عليهو وضع حواشيه، محمد امين ضناوى، دار الكتب العلميه، بيروت.
٢٥- النقشبندى و عبدالرحمن ، زين احمد، عدنان، ٢٠١٥، مختصر تاريخ خانقين عبر العصور حتى الوقت الحاضر، مطبعة السيماء، بغداد.
٢٦- الوندى، محمود،٢٠١٣ ، شذرات من تاريخ خانقين، المانيا.
٢٧- اليعقوبى، البلدان،٢٠٠٢، وضع حواشيه. محمد امين ضناوى، ، دارالكتب العلميه، بيروت .
٢٨- بابان،جمال، ١٩٧٦، أسماء المدن والمواقع العراقية، ج١، بغداد، مطبعة المجمع العلمى
٢٩- جمس بكغنهام،١٩٦٩، رحلتى الى العراق، ت. سليم طه تكريتى، ج٢، مطبعة دار البصرى، بغداد
٣٠- رستم، شهاب و هاب، (٢٠١٧)، باوەگەزی(حقائق وخفاياعلى ضفاف الوند)، أوسلو
٣١- سوسه، احمد،١٩٥٢، أطلس العراق الادارى، ، مطبعة مديرية المساحة العامه، بغداد.
٣٢- شريف، فاروق ابراهيم، ٢٠١٧، الضباط الكورد فى الجيش العراقى منذ تأسيسه عام ١٩٢١، ج٢، مطبعة فرج برنتينگ اندرستريس، اربيل.
٣٣- عبدالحميد،صبحي، (١٩٨٣)، اسرار ثورة ١٤تموز١٩٥٨ فى العراق، بغداد، مطبعة الاديب البغدادية
٣٤- علو، سعيد خديده، (٢٠٠٦)، العلاقات العراقيه الايرانية وأثرها في القضية الكردية في العراق(١٤تمز١٩٥٨-٨شباط١٩٦٣)، دارسييرز للطباعة والنشر، دهوك.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

٣٥- غالب، صبيح على، ١٩٧١، قصة ثورة ١٤تموز والضباط الأحرار، دار جاحظ للطباعة والنشر، بغداد.
٣٦- قيتولى،صلاح الدين انور، ٢٠٠٨، تعريب قضاء خانقين من منظور جيوسياسى،السليمانيه، مطبعة تيشك
٣٧- طالبانى، جلال،(١٩٧٠)، كردستان والحركة القومية الكردية، ، مطبعة الجمهورية، بغداد.
٣٨- طالب،د.جزا توفيق، ٢٠٥، المقومات الجيبولتيكية للأمن القومى فى أقليم كردستان العراق، ، مركزكردستان للدراسات ألاستراتيجية، السليمانية.
٣٩- كبه، ابراهيم، ١٩٦٩، هذا طريق ١٤تموز، ط١، ، دارالطليعة للطباعة والنشر، بيروت.
٤٠- كريستنسن، ارثر،(د.س)، أيران فى عهد الساسانين، ت.يحى الخشاب، بيروت، دار النهضه العربيه للطباعه والنشر،
٤١- محمد، خليل اسماعيل، ١٩٧٧، قضاء خانقين، ، مطبعة العانى، بغداد.
٤٢- ياور،عزيز،٢٠٠٩، التعليم وفصول من تاريخ مدارس خانقين،السليمانيه، موسسة حمد.ى للطباعه والنشر.

ماستەرنامە
بە زمانی کوردی
٤٣- عەبدولآ، ئەحمەد عەزیز، ٢٠١٥، هاوسەنگی ئاوی ئاوهەوا لە ئیدارەی گەرمیان، کولێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان و وەرزش، زانکۆی گەرمیان.
٤٤- محمد،هێرۆنصرالدین، ٢٠١٦, ڕاڕایی ئاووهەوایی وکارێگەری لەسەر ژینگەی سروشتی قەزای خانەقین،بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
٤٥- مەجید، شێروان ئەحمەد،٢٠١٥، شیکردنەوەی کاریگەری بەنداوی دەربەندیخان لەسەر سیستمی ئاوی رووباری سیروان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، زانکۆی گەرمیان
بەزمانی عەرەبی
٤٦- البياتى،فلاح محمدستار،٢٠١٤ ،قضاء خانقين دراسة فى الجغرافية الاقليمية، جامعةديالى، ص٢٠.
٤٧- مراد، أسراء عبدالوحد، ٢٠١٥، جيمورفورمترية مركز قضاء خانەقين، كلية الاداب، جامعة بغداد،ص٢٧.
گۆڤار
٤٨- ئەحمەد، کۆزاد، ٢٠٠٩ ، بایەخی خانەقین وگەرمیان لەبەر رۆشناییی سەرچاوە کۆنەکاندا،"*ژین*، ژمارە یەك، ساڵی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین،چاپخانەی شڤان،سلێمانی.
٤٩- تاڵب ومحەمەدئەمین،جەزاتوفیق، هێمن نصرالدین،٢٠٢٢، "شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆدانیشتوانی قەزای خانەقین"*گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە*، ژ(١).
٥٠- رۆژبەیانی، محەمەد جەمیل ،١٩٨٨، " خانەقین لە مێژوودا"،*گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد*، ب(١٨-١٩)، بەشی یەکەم.

٥١- نەریمان، مستەفا، ١٩٩٤، مامۆستا عەزیز پشتیوان و(٨٢) ساڵی تەمەنی تێکۆشان وکوردایەتی، گۆڤاری ڕەنگین، ژ(٦٥).
٥٢- محەمەد،خەلیل ئیسماعیل،٢٠٠٩،"بەرزاییەکانی حەمرین لێکۆڵینەوە لەبواری جوگرافیای سنووردا" گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ،ژ (٣)،ساڵی(٩).
بە زمانی عەرەبی

٥٣- بشتيوان، ريزان عبدلعزيز، ايلول٢٠٠٤، خانەقى، فى ذكرى الراحل عبدالعزيز بشتيوان، عدد (٦).
ڕۆژنامە
بەزمانی كوردی
٥٤- برزۆ، سەربەست،(٢٠١٦/٣/٣٠)، لەمێژووی وێنەگرانی خانەقینەوە، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٠٠٤).
بەزمانی عەرەبی
٥٥- بشتيوان، ريزان عبدلعزيز، ايلول٢٠٠٤، خانەقى، فى ذكرى الراحل عبدالعزيز بشتيوان، جريدة خانەقى، عدد(٦)، ص٧.
چاوپێکەوتن
٥٦- باجەڵان، ئیبراهیم محەمەد ئەمین کەریم، (٢٠٢٤/١٢/٨)، خانەقین.
ناوبراولە ساڵی١٩٤٤ لە ئاوایی گەورە لە ناوچەی بنكورە لە دایك بووە لە تەمەنێكی زوودا باوكی كۆچی دوایی دەكات، لە ساڵی ١٩٥١ لە خانەقین دەچێتە قوتابخانە ولە ساڵی ١٩٥٨ خوێندنی سەرەتای تەواو دەكات، بە هۆكاری سیاسی نەیتوانیوە خوێندنی ئامادەیی تەواو بكات بە هۆی سیاسەتی بەعس وترسی لە دەستگیر كردنی لە ١٩٦٣ گەڕاوەتەوە بۆ گوند، بەردەوام سەرقاڵی خوێندنەوە بووە، كەسێكی شارەزایە بە مێژووی ناوچەكە، لەچەندین گۆڤار وڕۆژنامەدا بابەتی مێژوویی لەسەر خانەقین نوسیوە، لە ئێستادا لە خانەقین نیشتەجێیە.
٥٧- عەبدوڵلا، دارا عەباس، (٢٠٢٤/١٢/٣٠)، كەلار
بە دارافیتەر ناسراوە، ساڵی ١٩٤٢ لە گەڕەكی(پاشاكۆپری) لە شاری خانەقین لە دایك بووە، تاوەكو پۆلی سێیەمی ناوەندی لە خانەقین خوێندووە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسیەوە نەیەتوانیوە قۆناغی ناوەندی تەواو بكات، ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی بە ڕێكخستنەكانی پارتیەوە لە شاری خانەقین دەكات، لە(١٩٦٢/٥/١٠) دەبێتە پیشمەرگە وپەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەكات، دوای نسكۆی شۆرش پەیوەندی بە یەكیتی نیشتمانی كوردستانەوە دەكات، لە ئێستادا وەكوكادرێكی یەكێتی وپیشمەرگەی خانەنشین لە شاری كەلار نیشتەجێیە.
٥٨- عەزیز، یاوەر عەزیز، (٢٠٢٥/٢/٥)، خانەقین.
ساڵی (١٩٤٧) لە ناوچەی (بنكورە)ی خانەقین لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی ودواناوەندی لە شاری خانەقین تەواوكردووە، ساڵی(١٩٦٦) پەیمانگای مامۆستایانی لە شاری بەعقوبە تەواو كردووە، ساڵی ١٩٧٠وەكو مامۆستا لە خانەقین دەست بەكار بووە، لە ئێستادا مامۆستای خانەنشینە لە شاری خانەقین نیشتەجێیە، خاوەنی چەندین كتیب وبابەتی مێژوویيە لە ڕۆژنامەكاندا.

List of sources
memories (notes
First: In Kurdish
1- Clari, Hussein, 2020, Amete, B1, Asia Printing House, Sulaimani
2- Clari, Hussein, 2020, Amete, B2, Asia Printing House, Sulaimani.
Second, in Arabic
3- Saleh Wakarim, Siddiq, Hussein Mohammed, (2007), Memoirs of Mohammed Amin Darbandfaqri, Shvan Printing House, Sulaimani.
Book
First: In Kurdish


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٣

4- EM Diakonoff, 2008, Media, Vol. 3, W. Burhan Qane, Erbil, Ministry of Culture Printing House
5- Barzani, Massoud, 2020, Barzani and the Kurdish Liberation Movement, B2, (1958-1961), Rojhelat Publishing House, Erbil .
6- Bawar, Ahmad, 2024, Some aspects of the history of Garmian and Khanaqin in the new era, Kurdish Culture and Publishing Institute, Baghdad .
7- Rich, Claudius James, 2012, Rich's Journey to Kurdistan 1820, Vol. 4, W. Mohammed Baqi, Khani Printing House, Duhok.
8- Qaradaghi, Khalid Sheikh Abdulrahman, 2006, Rais Mustafa Abdullah in the 14 July 1958 Revolution, Shvan Printing House, Sulaimani.
9- Nariman, Mustafa, 1994, Memories of my life, Kurdish Culture and Publishing Institute, Baghdad.
10- )Mamoste Jaghfar), Fazil Karim Ahmad, 2017, History of Khanaqi, Tehran Printing House, (B.Sh.(
11- Mohammed, Dr. Khalil Ismail, (2012), Kurdish Case in the Map of the Middle East, Hamdi Publishing House, Sulaimani.
12- Yasin, Hamza Kaka, 2013, Halwan from the Abbasid Caliphate to the fall of the Anazi Empire (132-511 AH/750-1117 AD), Haji Hashim Printing House, Erbil .
in Arabic
13- Al-Bakri, D.S., Dictionary of what is meant by the names of places and places, vol. Mustafa al-Saqa, Beirut, World of Books, pp. 484-4
1- .١٤Al-Balazri, Ahmad ibn Yahya ibn Jabir al-Baghdadi, 1901, Fatuh al-Baladan, Cairo, Al-Musawat Printing House, p.
14- Al-Jaafari, Mohammed Hamdi, 1989, End of Rahab Palace (Details of the event of the night of July 14, 1958 and its proclamation(
15- Al-Hassani, Abdul Razzaq, 1968, Tarikh al-Wazrat al-Iraqiyah, vol. 10, p.
16- Al-Hussein, Dr. Fazel, (DS), The Collapse of the Monarchy in Iraq, Baghdad, Arabian Horizons Publishing House,
17- Al-Hamwi, Yaqut, 1977, Dictionary of Countries, Dar al-Sadr, Beirut.
18- Al-Khasbak, Shakir, 1973, Northern Iraq, Shafiq Printing House, Baghdad.
19- Al-Khdouri, Dr. Majid, 1968, Republican Iraq, Iran, Amir-Qam Printing House .
20- Al-Zubaidi, Laith Abdul Hassan, 1981, Revolution of July 14, 1958 in Iraq, Vol.
21- Al-Azawi, Khadir, 1969, This is the Diyala Brigade, Dar al-Jumhouria, Baghdad.

22- Al-Qasab, Dr. Nafi Nasser and Akhrun, 1998, Political Geography, Mosul, Dar al-Kitb for Printing and Publishing
23- Al-Muqaddasi, 2003, The Best Classification in the Knowledge of the Regions, Relation to It and Its Situation, Mohammed Amin Zanawi, Dar al-Kitb al-Ilamiyah, Beirut.
24- Al-Naqshbandi and Abdulrahman, Zain Ahmad, Adnan, 2015, Mukhtar Tarikh Khanaqin from the 'Asr to the Present, Al-Simaa Printing House, Baghdad.
25- Alwandi, Mahmoud, 2013, Shazrat min Tarikh Khanaqin, Germany.
26- Al-Yaqubi, Al-Baladan, 2002, Waza' Hawashiyah. Mohammed Amin Zanawi, Dar al-Kitb al-Ulamiyah, Beirut.
27- Baban, Jamal, 1976, Names of Iraqi Cities and Places, Vol. 1, Baghdad, Scientific Complex Printing House
28- James Beckham, 1969, Journey to Iraq, p. Salim Taha Tikrit, Vol. 2, Dar al-Basri Printing House, Baghdad
29- Rustam, Shahab Wahab, (2017), Bawgazi (Facts and Concealments on the Waste of the Land), Oslo
30- Susa, Ahmad, 1952, Atlas of Iraq Administration, General Area Administration Printing House, Baghdad.
31- Sharif, Farooq Ibrahim, 2017, Kurdish Officers in the Iraqi Army Since the General Establishment of 1921, Vol.
32- Abdul Hamid, Subhi, (1983), Secrets of the Revolution of July 14, 1958 in Iraq, Baghdad, Baghdadi Writers Printing House
33- Alo, Saeed Khadida, (2006), Iraqi-Iranian Relations and their Impact on the Kurdish Case in Iraq (14 July 1958-8 February 1963), Darcyers Printing and Publishing, Duhok.
34- Ghalib, Sabih Ali, 1971, The Story of the 14th of July Revolution and the Free Officers, Dar Jahz Printing and Publishing House, Baghdad.
35- Qitoli, Salahuddin Anwar, 2008, Decolonization of Khanaqin District from a Geopolitical Perspective, Sulaimani, Tişk Printing House
36- Talabani, Jalal, (1970), Kurdistan and the Kurdish National Movement, Republican Printing House, Baghdad.
37- Talib, Dr. Jaza Tawfiq, 205, Geopolitical Conditions for National Security in the Kurdistan Region of Iraq, Kurdistan Center for Strategic Studies, Sulaimani.
38- Kaba, Ibrahim, 1969, This Way 14 July, Vol. 1, Dar al-Tali'a Printing and Publishing House, Beirut.
39- Christensen, Arthur, (DS), Iran in the Sassanid Covenant, T. Yahya al-Khashab, Beirut, Dar al-Nadha al-Arabiya for Printing and Publishing,

40- Mohammed, Khalil Ismail, 1977, Khanaqin District, Al-Ani Printing House, Baghdad.

41- Yawar, Aziz, 2009, Education and chapters of the history of Khanaqin schools, Sulaimani, Hamad Institute for Printing and Publishing .

Master's Degree in Kurdish

42- Abdullah, Ahmad Aziz, 2015, Climate Water Balance in Garmian Administration, College of Humanities and Sports, Garmian University.

43- Mohammed, Heronsraldin, 2016, Climate change and its impact on the natural environment of Khanaqin district, Department of Geography, College of Human Sciences, Sulaimani University.

44- Majid, Sherwan Ahmad, 2015, Analysis of the impact of Derbandikhan Dam on the water system of Sirwan River in Iraqi Kurdistan Region, Garmian Universityin Arabic

45- Al-Bayati, Falah Mohammed Star, 2014, Khanaqin district, a study in regional geography, Diyala University, p.

46- Murad, Asra Abdulwahid, 2015, Gymrformtriya Khanaqin District Center, Faculty of Arts, Baghdad University, p .

magazine

47- Ahmad, Kozad, 2009, The importance of Khanaqin and Garmian in the light of ancient sources, Zhin, No. 1, Year 1, Zhin Center Publications, Shvan Printing House, Sulaimani.

48- Taleb and Mohammed Amin, Jazatofiq, Hemn Nasruddin, 2022, "Geographical Analysis of the Population of Khanaqin District" Halabja University Journal, No. (1).

49- Rojbayani, Mohammed Jamil, 1988, "Khanaqin in History", Kurdish Information Forum Magazine, B(18-19), Part I.

50- Nariman, Mustafa, 1994, Aziz Pashtiwan and (82) years of struggle and Kurdishness, Rangin magazine, No. (65).

51- Mohammed, Khalil Ismail, 2009, "Hamrin Heights Research in the Field of Border Geography" Journal of Kurdistan Strategic Research Center, No. (3), Year (9).

in Arabic

52- Bashtiwan, Rizan Abdulaziz, September 2004, Khanaqi, in the memory of Rahel Abdulaziz Bashtiwan, No. (6).

newspaperin Kurdish

53- Barzo, Sarbast, (30/3/2016), from the history of photographers of Khanaqin, Khabat newspaper, No. (5004).

in Arabic

54- Bashtiwan, Rizan Abdulaziz, September 2004, Khanaqi, in the memory of Rahel Abdulaziz Bashtiwan, Khanaqi newspaper, No. 6, p. Interview

55- Bajalan, Ibrahim Mohammed Amin Karim, (8/12/2024), Khanaqin. He was born in 1944 in the village of Gara in the area of Bankura. His father died at an early age. He went to school in Khanaqin in 1951 and completed his primary education in 1958. He could not study for political reasons He returned to the village in 1963 due to the Ba'ath policy and fear of arrest. He was constantly busy reading. He is an expert in the history of the region. He has published historical articles on Khanaqin in several magazines and newspapers He currently lives in Khanaqin.

56- Abdullah, Dara Abbas, (30/12/2024), Kalar
He was born in 1942 in Pashakopri neighborhood of Khanaqin city. He studied until the third grade of secondary school in Khanaqin, but could not complete secondary school in 1958 due to political situation He joined the Kurdistan Workers Party (PKK) organizations in Khanaqin. On 10/5/1962 he became a Peshmerga and joined the September Revolution. After the collapse of the revolution, he joined the Kurdistan National Union (KNU). He lives in Kalar as a PUK cadre and retired Peshmerga.

57- Aziz, Yawar Aziz, (5/2/2025), Khanaqin.
He was born in 1947 in Bankura area of Khanaqin. He completed his primary and secondary education in Khanaqin. He graduated from the Teachers Institute in Baquba in 1966. In 1970 he started working as a teacher in Khanaqin He is a retired teacher and currently lives in Khanaqin. He has several books and historical articles in **newspapers.**